گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(6).Paper10
ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٣/٠٣/٠٥
ڕێکەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٠٦/٠٦
ڕێـکەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٤/١٢/٢٩

# فەرهەنگی گشتی دوزمانیی ئینگلیزی- کوردی لە ڕوانگەی دابینکردنی پێویستییەکانی بەکارهێنەرانەوە

**شێرزاد سعید صدیق[١] - شنە ابوبکر احمد[٢]**

shna.ahmad@soran.edu.iq - sherzad.sedeeq@soran.edu.iq

[١]بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق

[٢]بەشی زمانی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق

## پوختە

ڕوانگەی بەکارهێنەر ڕێبازێکە تیایدا فەرهەنگنوسی لە گۆشەنیگای بەکارهێنەرەوە دەخرێتە ژێر لێکۆڵینەوە، هەروەها توێژینەوە لەسەر بەکارهێنەرانی فەرهەنگ، جۆرێتی فەرهەنگەکان باشتر دەکات. مەبەست لەم بابەتە، توێژینەوەیە لەسەر کۆمەڵێک فەرهەنگی گشتی دوزمانیی ئینگلیزی- کوردییەکان، بە شێوەی چاپکراو، ئۆفلاین و ئۆنلاین بەردەستن، لە ڕوانگەی دابینکردنی پێویستییەکانی بەکارهێنەران و ئاستی ڕازیبونیان لەو فەرهەنگانە. بۆ کۆکردنەوە داتا، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدۆلۆجی ڕاپرسی، ئامرازی پرسیارنامە بەکارهاتوە، کە بە گەڕانەوە بۆ بەکارهێنەرە جیاوازەکانی فەرهەنگی دوزمانی و بە پێشکەشکردنی پرسیارنامە بەسەریاندا جێبەجێ دەکرێت. دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی پرسیارنامەکە، ئەنجامەکان بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ئاماریی تاقیکرانەوە و بەرنامەی SPSS[i] 2022 بۆ شیکاری ئەنجامەکان بەکارهێنرا. کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە ئاخێوەرانی کوردی ناوەڕاست، بەپێی بگۆڕی ڕەگەز (نێر و مێ) و ئاستی خوێندەواریی (ئامادەیی، دبلۆم، بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و هەڵەبجە جێبەجێدەکرێت. ئامانجە گشتییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی پێویستییەکانی گەڕانەوەی بەکارهێنەران بۆ فەرهەنگ، کێشەکانی فەرهەنگ لە ڕوانگەی بەکارهێنەرانەوە، ئەو پێویستییانەی، کە دەبێتە هۆی گەڕانەوەی بەکارهێنەران بۆ فەرهەنگەکان، هەروەها

پەیوەندی نێوان ئەم پێویستییانە و گۆڕاوەکانی وەک ڕەگەزی بەکارهێنەران و ئاستی خوێندنیان پیشاندراوە. توێژینەوەکە گەیشتە چەند ئەنجامێک، لە گروپە جیاوازەکانی بەکارهێنەراندا، ڕەگەز و ئاستی خوێندن هیچ جیاوازییەکی بەرچاویان لە برِی بەکارهێنانی فۆڕماتی فەرهەنگەکاندا نییە. هەروەها بەکارهێنەران فەرهەنگ بە پلەی یەکەم بۆ چالاکییەکانی تێگەیشتن (خوێندنەوە) و بە پلەی دوەم بۆ چالاکییەکانی بەرهەمهێنان (وەرگێڕان و نوسین)بەکاردەهێنن.

**کلیلە وشەکان:** ڕوانگەی بەکارهێنەر، فەرهەنگی گشتیی دوزمانی، پێویستییەکانی گەڕانەوەی بەکارهێنەران

## 1. پێشەکی

فەرهەنگسازی لە سادەترین پێناسەیدا پرۆسەیەکە، یان بە واتایەکی تر، هونەر و تەکنیکی کۆکردنەوە و نوسینی فەرهەنگە، دەرئەنجامەکەی کتێبێکی سەرچاوەییە و پێیدەوترێت فەرهەنگ. فەرهەنگەکان لە ڕوانگەی جیاوازەوە دەتوانرێت بەسەر جۆرە جیاوازەکاندا دابەش بکرێن، گرنگترینیان فەرهەنگی گشتی زمانە. هەرچەندە هەندێک فەرهەنگسازی بە بواری زمانەوانی کارەکی دادەنێن، بەڵام زۆرێک لە فەرهەنگنوسەکان ڕاهێنانی فەرمییان لەم بوارەدا وەرنەگرتوە و پشت بە غەریزە و ئەزمونی خۆیان دەبەستن. بێگومان هەرچەندە مەرج نییە پشت بەستن بە تیۆری زمانەوانی گەرەنتی سەرکەوتن بێت، بەڵام زانینی تیۆرێکی لەو جۆرە دەتوانێت کارایی زیاتر و متمانە بەخۆبونی زیاتر بە فەرهەنگنوس بدات لە گەیشتن بە ئامانجەکەیدا. بە بڕوای (Zgusta(1971: 18 فەرهەنگسازی چالاکییەکە، نەریت ڕۆڵێکی گرنگی تێدا دەگێڕێت. بەڵام وروژاندنی بابەتێکی وەک ڕوانگەی بەکارهێنەر(user prespective) بەو مانایەی فەرهەنگ، دەبێ وەڵامی پێویستییەکانی بەکارهێنەرانی بداتەوە، بە فاکتەری دیاریکردنی ناوەڕۆک و فۆڕمی فەرهەنگەکان ناسێنراوە، بنەماکانی دەتوانن یارمەتی فەرهەنگنوسان بدەن.

گرنگیدان بە پێویستییەکانی بەکارهێنەر، یەکێکە لەو بابەتانەی زیاتر لەلایەن زمانناسان و فەرهەنگنوسان، باسی لێوە کراوە و لەنێویاندا (Zgusta (1971، (Hartman (1983، (Wiegand (1984، (Bergenholtz & Tarp (2003 و (Tarp (2009 لەم ڕووەوە تیۆریان پێشنیاز کردوە و جەختیان لەسەر ڕۆڵی بەکارهێنەر، پێویستیی، لێهاتویی، بارودۆخەکانی ئاماژەدان بە فەرهەنگ، جۆری زانیاریی پێویست و شێوازەکانی دەستگەیشتن بەو زانیارییانەیان کردوە.

بەپێی تیۆریی فەرهەنگیی (Wiegand (1984، فەرهەنگەکان ئامرازێکی پراکتیکین، بۆ دابینکردنی پێویستییە تایبەتییەکانی مرۆڤ داڕێژراون. ویگەند فەرهەنگەکان بە ڕۆڵێکی ڕاستەقینە ( genuine

purpose) دەزانێت و ئامانجی ڕاستەقینەی ئاماژەکردنیان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری تایبەت سەبارەت بە زمان دەناسێنێت.

بەپێی (Bergenholtz & Tarp (2003 و (Tarp (2009 بۆ ئەوەی پێویستییە بابەتییەکانی بەکارهێنەران دابین بکرێت، پێویستە وەسفێکی ئێستایی (profile) بۆ بەکارهێنەرانی مەبەستدار و جۆرەکانی بارودۆخی بەکارهێنان (stuation of use)، کە کێشەی زمان تێیدا ڕودەدات، ئامادەبکرێت. بەواتایەکی تر هەمو ڕەچاوکردنێکی تیۆری و پراکتیکی لە فەرهەنگسازیدا، لەسەر بنەمای دیاریکردنی پێویستییەکانی بەکارهێنەران بێت؛ واتە ئەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەکارهێنەران لە بارودۆخی زمانەوانیی تایبەتدا پێویستە.

بەپێی ئەم بنەمایە و بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی فەرهەنگە گشتییە دو زمانییە ئینگلیزی- کوردییەکان[ii] لە ڕوانگەی دابینکردنی پێویستییەکانی بەکارهێنەرانەوە ئەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە، بە ئاماژەدان بە بەکارهێنەرە جیاوازەکان و پێشکەشکردنی پرسیارنامە بۆیان، بە تاقیکردنەوەی ئاماریی: وەک تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا[iii]، پۆست هۆک و ئێل ئێس دی[iv]، پێوانە کراون. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، وێڕای دیاریکردنی پێویستییەکانی بەکارهێنەر، دەتوانێ لە فەرهەنگسازیی پراکتیکی و کۆکردنەوەی زانیاریی فەرهەنگیی لە داهاتودا بەسودبێت.

## 2. پێداچونەوە بە کارەکانی پێشو

توێژینەوەی مەیدانی لەسەر پێویستییەکانی گەڕانەوەی بەکارهێنەران بۆ فەرهەنگەکان و تێڕوانینی بەکارهێنەران لەسەر دانانی فەرهەنگ بوارێکی کارایە و زۆر توێژینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە، بە تایبەت لەسەر فەرهەنگی گشتی. زۆربەی توێژینەوەکانی فەرهەنگی یەک زمانی و دوزمانی ئینگلیزی لە ڕێگای پێدانی پرسیارنامە بۆ بابەتەکە ئەنجامدراوە، ئەو کەسانەش لە گروپی جیاوازی قسەپێکەرانی زمانی دایک، قسەپێکەرانی زمانەکە بۆ ئەوانەی زمانەکە زمانی دایکییان نییە، منداڵان، گەورەکان، هەروەها بەشێکی زیاتری قوتابییانن لە بواری جیاجیادا دەخوێنن، لەخۆدەگرێت. بۆ گروپی تر توێژینەوەی کەمتر سەبارەت بە قوتابییان ئەنجامدراوە و ئەنجامی ئەو توێژینەوانەش لەلایەن توێژەرانەوە بەردەست نین (Béjoint, 2000: 141).

لە زمانی کوردیدا لە ڕوانگەی بەکارهێنەرەوە توێژینەوە لەسەر فەرهەنگ ئەنجامنەدراوە، لێرە باسی ئەو توێژینەوانە دەکەین کە لە ڕوانگەی بەکارهێنەر و کۆکردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی پرسیارنامەوە لە

زمانەکانی دیکەوە کاریان کردوە، توێژینەوەکان تاڕادەیەکی زۆر تایبەتمەندی هاوبەشیان لە نێواندا هەیە و زۆربەی پرسیارەکانیان وەکو یەکن، توێژینەوەکان ئەمانەن:

**توێژینەوەی (Barnhart (1962** : یەکەمین توێژینەوەیە بۆ پەیبردن بە خواست و پێویستییەکانی بەکارهێنەرانی فەرهەنگ پرسیارنامەی بەکارهێنابێت. بەڕای Hartman (1987) توێژینەوەی بارنهارت گرنگیی تایبەتی هەبوە بۆ فەرهەنگنوسەکان. بارنهارت ١٠٨ پرسیارنامەی بەسەر مامۆستایانی وانەی داڕشتنی قوتابییانی پۆلی یەکەم لە ٩٩ کۆلێژی ئەمریکا دابەشکرد.

کارەکەی بارنهارت، سەرەڕای گرنگییەکەی وەکو یەکەم توێژینەوە لەم بوارەدا، بێ کەموکوڕی نییە، بە تایبەت لە چۆنیەتی وەرگرتنی زانیارییەکاندا، چونکە زانیارییەکانی ڕاستەوخۆ لە بەکارهێنەرەکانەوە وەرنەگرتوە، بەڵکو زانیارییەکانی لە ڕێگەی مامۆستایانەوە کۆکردۆتەوە. ئامانجی سەرەکی پرسیارەکان دیاریکردنی پلەبەندی شەش جۆری زانیاریی ناو فەرهەنگەکانە (واتا، ڕێنوس، شێوازی گۆکردن، لیستی هاوواتاکان، چۆنیەتی بەکارهێنان و ئیتمۆلۆجی وشە) لەلای قوتابییان، لە گۆشەنیگای مامۆستایانەوە. تێبینی ئەوە دەکرێت سەرەڕای ئەو جەختەی بارنهارت لە دوا خاڵەکانی ئەنجامەکانیدا سەبارەت بە دانانی فەرهەنگ دەیکات، بە تەواوەتی لەگەڵ دیاریکردنی پلەبەندییەکەی کە مامۆستاکان ئاماژەیان پێداوە ناگونجێ.

**توێژینەوەی (Quirk(1975:** توێژینەوەکەی کویرک کارێکی نوێ بو، پێویستییە کەسییەکانی بەکارهێنانی فەرهەنگی خستە ژێر توێژینەوە. بەگوێرەی Hartmann (1987) کارەکەی کویرک بە یەکەم هەوڵی ئەکادیمی بۆ هەڵسەنگاندنی بۆچونی بەکارهێنەرانی فەرهەنگ، چاوەڕوانیی و پێش داوەرییەکانیان لە بەریتانیا دادەنرێت.

کویرک ڕاستەوخۆ بەکارهێنەری فەرهەنگی کردە نمونەی توێژینەوەکەی. پرسیارنامەی بەسەر ٢٢٠ قوتابی دابەشکرد، ڕێژەی نێر و مێ لە نێوان بەشداربوەکان وەکو یەک بو. پرسیارنامەکەی کویرک وردەکاری لەوەی بارنهارت زۆر زیاتر بو، ٣٠ پرسیاری لەخۆگرتبو. ئەنجامەکان بریتی بون لەوەی کە ١٩٢ کەس لەم ٢٢٠ کەسە فەرهەنگی خۆیان هەبو، ئەم زۆرینەیە بە شێوەیەکی یەکسان نوێنەری هەمو قوتابییانی دەکرد، بەبێ لەبەرچاو گرتنی بواری خوێندنەکەیان. کویرک دەگاتە ئەو ئەنجامەی، فەرهەنگنوسەکان و بەکارهێنەرانی فەرهەنگ پلەبەندیی جیاوازیان هەیە "هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگ، بایەخێکی تایبەتیان بۆ فەرهەنگنوسەکان هەیە، بۆ بەکارهێنەری ئاسایی بە شتێکی لاوەکی دادەنرێ" (Quirk, 1975: 80).

**توێژینەوەی (Greenbaum & Taylor(1984**: لە توێژینەوەی گرینبۆم، کە لە ساڵی ١٩٧٧ هەتا ١٩٧٨ لە ئەمریکا بە بەشداری ٢٤٠ قوتابی ئەمریکی لە زانکۆی ویسکنسن ئەنجامدرا، ئەنجامی لێکچو لەگەڵ توێژینەوەکەی کویرک بەدەست هات. لە هەردو توێژینەوەکەدا فەرهەنگی گشتی زیاتر بە مەبەستی دۆزینەوەی واتا بەکارهات و بەکارهێنەران لە پێناسەکان ڕازی نەبون، تەنیا جیاوازی لە نێوان ئەو دو توێژینەوە لەوەدا بو، قوتابییانی ئەمریکی زانکۆ زیاتر لە ئینگلیزەکان مەیلیان بە زانینی ڕێنوس هەبو. (شریفی، ١٣٩٢: ١٤٣)

**توێژینەوەی (Jackson(1988** : توێژینەوەکەی جاکسن وەشانێکی بچوکتر و سادەتری توێژینەوەکەی کویرک بو، ئەنجامی هاوشێوەی لێ دەستکەوت. پرسیارنامە بەسەر٥٠ بەشداربو دابەشکرا، هەندێک لە پرسیارەکان لەسەر هەڵبژاردنی یەکێک لە بژاردەکان وەڵامدەدرانەوە، لە هەمان کاتدا بەشداربوەکان دەیانتوانی وردەکاری زیاتر بدەنە وەڵامەکانیان ئەگەر بیانویستبا. وەڵامەکان ئەوەیان دەرخست، ٧٣% بەکارهێنەران پێیانوابو فەرهەنگەکەیان هەمو ئەو شتانەیان تێدایە کە پێویستییانە.

بەشداربوانی توێژینەوەکەی جاکسن زیاتر لە بەشداربوانی کویرک فەرهەنگیان بەکاردەهێنا، بەڵام وا دیارە لە هەردو توێژینەوەکەدا فەرهەنگەکان زیاتر بە مەبەستی دڵنیابون لە واتا و ڕێنوس بەکاردەهاتن و بەشداربوان ئارەزویەکی کەمتریان پیشان دابو بۆ گۆکردن و بەشەکانی ئاخاوتن و ئیتمۆلۆجی.

**توێژینەوەی عاصی (1373)**: توێژینەوەکە بە ناونیشانی مۆدێلێک بۆ دروستکردنی فەرهەنگی پسپۆڕیی لە ڕێگەی کۆمپیوتەر، لەلایەن عاصی ئەنجامدراوە. لەم توێژینەوەیەدا، عاصی ئاماژەی بە پێگە و شوێنی فەرهەنگ و فەرهەنگنوسی کردوە. گرنگترین پێوەر بە بڕوای عاصی پێویستییەکانی بەکارهێنەرە، کە بەپێی گروپی جیاواز لە بەکارهێنەران و بە شێوەی هۆکاری سەرەکی دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی فەرهەنگ پیشان دەدرێن. لەم توێژینەوەیەدا هۆکاری تەمەن وەکو پێوەرێک لە ڕیزبەندییەکەدا باس نەکراوە، چونکە بەکارهێنەران زیاتر کەسانی گەورە و ئاستی خوێندەوارییان دەرچوی ئامادەیی و سەروترن.

**توێژینەوەی (Tomaszczyk(1979**: یەکەم لێکۆڵەرە تێبینی کرد هەستێکی ناڕەزایی لە بەکارهێنانی فەرهەنگ لە نێو ئەو فێرخوازە بیانییانەی دەیانویست فێری زمانی ئینگلیزی بن، هەیە. مەبەستی سەرەکی تۆماسچیک بەدەستهێنانی زانیاری پەیوەست بە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی باشتربو بۆ فیرخوازانی فێربونی زمانی بێگانە، ئەم توێژینەوەیە بە یەکەم هەوڵ بۆ ئەم مەبەستە دادەنرێت.

پرسیارنامەکەی تۆماسچیک زۆر وردەکاری تێدا بو و مەوداکەی لە پرسیارنامەکانی پێشتر، فراوانتر بو. داتاکەی لە ٤٤٩ بەشداربو وەرگرت، گروپی یەکەم ٢٨٤ بەشداربو، گروپی دوەم ١٦٥ بەشداربو، بریتی بون

لە مامۆستا و وەرگێڕ. گروپی یەکەم پێکهاتبو لە ٥٥ قوتابی بیانی لە زانکۆکانی ئەمریکا، ٦٢ قوتابی بیانی لە زانکۆکانی پۆڵەندا، ١٦٧ قوتابی پۆڵەندی لە بەشەکانی زمانی بیانی لە زانکۆدا. ناوەندی تەمەنی بەشداربوان لەم گروپەدا ٢٥ ساڵ بو، ماوەی خوێندنی زمانی بیانی ٥ ساڵ بو. گروپی دوەم پێکهاتبو لە ٦٠ مامۆستای زمان، ٢٥ وەرگێڕی ئەدەبی و ٨٠ وەرگێڕی پسپۆڕی، تێکڕای تەمەنیان لەم گروپەدا ٥٧ بو، ماوەی خوێندنی زمانی بیانییان نزیکەی ٣٠ ساڵ بو، جەختیان لەسەر بایەخی مانەوە لە وڵاتی بێگانە و خودفێرکاری کردبو. ٩١%ی بەشداربوان کارامەیی خوێندنەوە و قسەکردنیان بە لایەنی کەم بە زمانێکی تری بیانی هەبو، کە ئاماژە بە ئەزمونی بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانە یان زیاتر دەکات (Tomaszczyk, 1979: 104). بەپێی وەڵامەکان، ئەنجامەکان تایبەت بە پێویستییەکانی بەکارهێنەرانی فەرهەنگ لە بواری کارامەییەکانی زمان (بیستن و خوێندنەوە و قسەکردن و نوسین و وەرگێڕان) و جۆرەکانی زانیاریی فەرهەنگیی بون. بەپێی ئەنجامەکان تۆماسچیک چوار جۆرە کاتیگۆری بۆ فەرهەنگەکان دیاریدەکات: تاک زمانی، دوزمانی، سنوردار، هونەری. فەرهەنگە دوزمانییەکانیش دابەش دەکاتە سەر دو جۆر: زمانی دوەم بۆ زمانی یەکەم و زمانی یەکەم بۆ زمانی دوەم. ئەنجامی پرسیارنامەکان ئەوەیان دەرخست کە هەمو بەشداربوەکان فەرهەنگی دوزمانی بەکاردەهێنن (سەرچاوەی پێشو: ١٠٦).

بەپێی ئەنجامەکان زۆرترین بەکارهێنان بۆ وەرگێڕان لە زمانی دوەم بۆ زمانی یەکەم بوە، پاشان بۆ سود وەرگرتن بۆ نوسین و دواتریش بۆ خوێندنەوە و کەمتریش بۆ تێگەیشتن و قسەکردن بوە. لە نێو ٢٢٨ بەشداربو کە هەردو جۆری فەرهەنگیان هەبو سودیان تەنیا لە فەرهەنگە دوزمانییەکان وەردەگرت. تەنیا لە نێوان قسەپێکەرە بە ئەزمونەکاندا بەکارهێنانی فەرهەنگی یەک زمانی ئاماژەی پێکراوە، ڕێژەیەکی زۆری بەشداربوان لە هەردو گروپەکە فەرهەنگی دوزمانییان بۆ وەرگێڕان پێ باشتر بو. ڕای بەشداربوان زیاتر لەسەر ئەوە بو، هەتا دەکرێ لە ناو فەرهەنگەکاندا زانیاری زۆر پێویستە هەبن.

**توێژینەوەی (Baxter(1980** : ئەم توێژینەوەیە لە بەکارهێنانی فەرهەنگ دەکۆڵێتەوە، بە تایبەتی پرسی بایەخی فەرهەنگی یەک زمانی لە بەرامبەر فەرهەنگی دوزمانیدا. پێچەوانەی توێژینەوەکانی تر کە پێشتر باسکران، باکستەر مەبەستی لە پرسیارنامەکە ئەو زانیارییانە نەبو کە بۆ داهاتوی فەرهەنگنوسی پێویستن، بەڵکو زیاتر مەبەستی پێوانی کاریگەری بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانی لەسەر گروپێکی دیاریکراوی فێرخوازان بو.

لە هاوینی ١٩٧٩دا وەڵامی (٣٤٢) پرسیارنامەکەی بە دەست گەیشتەوە، کە لە قوتابییانی سێ زانکۆی حکومی ژاپۆنی وەرگیرابو. بەشداربوان (٦٢ کەس) لە پسپۆڕی ئینگلیزی و (٢٨٠ کەس) لە پسپۆڕی تر بون.

پرسیارەکان تایبەت بون بە خاوەندارێتی و بەکارهێنانی فەرهەنگە یەک زمانییە ئینگلیزییەکان و فەرهەنگە دوزمانییە ئینگلیزی- ژاپۆنییەکان و ژاپۆنی- ئینگلیزییەکان.

لە توێژینەوەکەیدا پرسیارنامەیەکی نوێ و جیاواز دادەڕێژێت، پرسیارنامەکە حەوت پرسیاری لەخۆگرتبو، وەڵامی هەمو پرسیارەکان جگە لە پرسیاری چوار و حەوت شێوەی هەڵبژاردن بو، هەرچی پرسیاری شەشەمە کۆمەڵێک بژاردەی لە بەرانبەر بەشداربوان دادەنا بەڵام ڕێگەشی دەدان وەڵامی خۆیان هەبێت، پرسیاری حەوتەمیش شێوازێکی تایبەتی داڕێژراوی نییە و تیایدا داوا لە قوتابییان دەکا چ جۆرە فەرهەنگێکی یەک زمانی یان دوزمانییان بەلاوە پەسەندترە و بۆچی؟

"قوتابییەکان لە سەرەتای دەست پێکردنی خوێندنیان بە ئینگلیزی کە قۆناغی ئامادەییە، فەرهەنگی دوزمانی ئینگلیزی- ژاپۆنی دەکڕن. لە ماوەی ساڵەکانی دواتردا پێویستە دو فەرهەنگی تری دوزمانییان هەبێ، تەنها ئەگەر پسپۆڕی زانکۆیی قوتابییەکە ئینگلیزی بێت، فەرهەنگێکی یەک زمانی ئینگلیزی دەکڕێت. لە قۆناغی زانکۆدا، لە ئاستە سەرەتاییەکان زۆربەی جار فەرهەنگی ئینگلیزی- ژاپۆنی بەکاردێ. پسپۆڕی بەشەکانی تر زۆر بەدەگمەن دەگەڕێنەوە بۆ فەرهەنگە یەک زمانییە ئینگلیزییەکان و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی جێی سەرنجە زۆربەی قوتابییەکان فەرهەنگی دوزمانییان لە خوێندنی ئینگلیزیدا لە فەرهەنگی یەک زمانی لا گرنگتر بو" (Baxter,1980: 333). بەگوێرەی توێژینەوەکەی باکستەر بەشداربوانی ژاپۆنی (فێرخوازانی ئینگلیزی) لە بەرامبەر فەرهەنگی یەک زمانی کاردانەوەی نێگەتیڤیان هەبو، فەرهەنگە دوزمانییەکانیان بە لاوە بەرزتر بو.

**توێژینەوەی (Béjoint(1981** : ئەم توێژینەوەیە بەهۆی زۆرترین گەڕانی تایبەت بە پێویستیی بەکارهێنەرانی ئاخێوەری زمانی دوەم، بە یەکێک لە باشترین توێژینەوەکان لەم بوارەدا دادەنرێت. مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی بو لە ئاشکراکردنی ئەوەی کاتێک قوتابییە فەرەنسییەکان زمانی ئینگلیزی فێردەبون چۆن فەرهەنگە یەک زمانییە ئینگلیزییە گشتییەکانیان بەکاردەهێنا، بەڵام ئەنجامەکانی لەسەر بەکارهێنانی فەرهەنگ لە لایەن فێرخوازانی ئینگلیزی بە گشتی جێبەجێ دەبو.

بێژوان، دان بەوەدادەنێ کارەکەی لەژێر کاریگەری تۆماسچیکدا بوە. بەشداربوانی بریتی بون لە ١٢٢ قوتابی بە ڕەچەڵەک فەرەنسی لە بەشی زمانی ئینگلیزی زانکۆی لیۆن، ٦٣ پۆلی دو، ٤٣ پۆلی سێ و ١٦ پۆلی چوار. پرسیارنامەکە لە حەوت پرسیار پێکهاتبو، پێنج پرسیاری یەکەم تایبەتن بە خاوەنداریەتی فەرهەنگ، وەڵامەکان دەریانخست کە ٩٦%ی قوتابییان فەرهەنگی یەک زمانییان هەبو، ٨٥%ی قوتابییان بە پێشنیازی مامۆستاکانیان فەرهەنگیان هەڵبژاردبو. ٤٠%ی قوتابییان پێیان وابو بە لایەنی کەمەوە ڕۆژێ جارێک و

٥٢%یان بەلای کەمەوە حەفتەی جارێک دەگەڕێنەوە بۆ فەرهەنگەکان. ٨٧%ی بەشداربوان مانایان لە نێوان سێ لە هەرە زیاترین بابەتەکانی زانیاریی بەدواداگەڕاندا دانا، بەڵام تەنیا ٢٥%ی بەشداربوان ئاماژەیان بە ڕێنوس و گۆکردن دا و ئیتمۆلۆژی کەمترین ئاماژەی لە ناو زانیاریەکاندا بۆ کرا.

**توێژینەوەی (Bttenburg(1989**: ئەو توێژینەوەیە زۆر لەوەی بێژوان دەچێ، هەرچەندە بەشداربوانی کەمتر و پرسیارنامەکەشی کورتترە. توێژینەوەکەی باتێنبێرگ تاکە توێژینەوەیە زانیاریی لە جۆرەکانی زەمینەی زمانی یەکەم لە فێرخواز وەردەگرێ.

باتێنبێرگ پرسیارنامەکەی بەسەر ٦٠ بەشداربو (ئەوانەی زمانی دایکیان ئینگلیزی نییە) لە زانکۆی ئۆهایۆ لە ساڵی ١٩٨٤دا دابەشکرد. ئەو بەشداربوانە بە شێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردران، لە سێ ئاستی کارامەییەکانی زماندا بون: 20 لە قۆناغی سەرەتایی بون و بەشدارییان لە کۆرسێکی چڕی ئینگلیزیدا کردبو، 20 لە ئاستی ناوەندیی لە هەردو جۆری چڕ و ئاساییدا بون، 20 لە ئاستی پێشکەوتودا بەشدارییان لە کۆرسی ئاساییدا کردبو. هەرچەندە بەشداربوان بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر سێ ئاستی زماندا دابەش بوبون، دابەش بونەکەشیان بەپێی زمانی یەکەمیان بە شێوەیەکی یەکسان نەبو. بەشداربوان سەر بە ٧ زمانی جیاوازبون؛ ٢٤ عەرەبی، ١٩ چینی، ٨ کۆری، ٤ ئوردو، ٣ ئیسپانی، ١ پورتوگالی و ١ ئاخێوەری ئایسلاندی.هەرچەندە باتێنبێرگ ئەوە دەڵێ کە هیچ بەڵگەیەک نەبو جیاوازییەکان لە باکگراوندی زمانیدا بوبێتە هۆی جیاوازی بەرچاو لە بەکارهێنانی فەرهەنگدا.

بەشداربوان داوایان لێکرا کە: ئەو فەرهەنگانەی هەیانە دیار بکەن، ڕادەی بەکارهێنانیان بنوسن، ئەو جۆرە زانیارییانەی کە بە دوایدا گەڕاون دیاری بکەن، هۆکاری بڕیاردانیان بۆ کڕینی فەرهەنگێکی تایبەت ئاماژە پێ بدەن، ئاستی ڕەزامەندییان لە فەرهەنگەکەندا بنوسن و ئاماژەش بە پێشنیازی باشترکردنی فەرهەنگەکان بدەن.

**توێژینەوەی وثوقی (٢٠٠٣)** : کتێبەکەی وثوقی بە ناوی وشەناسی و دانانی فەرهەنگ لە زمانی فارسییە. نوسەر لەم کتێبەدا توێژینەوە لە لایەنەکانی زمانناسی و بەکارهێنانی وشە و پێشنیازی پێوەری دروست و تەواو بۆ دانانی فەرهەنگ دەکات، پێیوایە هەبونی ئەو جۆرە پێوەرانە بۆ دانانی فەرهەنگێکی گونجاو کە ببێتە سەرچاوەیەکی هەمەلایەنە و کارا بۆ دابینکردنی پێویستییە جۆراوجۆرە وشەییەکانی بەکارهێنەران بێت. (وثوقی، ٢٠٠٣: ١٠).

وثوقی کارەکەی لە دو بەشی تیۆری و مەیدانی ئەنجامدا، بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارگەلێکی وەکو: ئایا فەرهەنگەکانی ئێستای فارسی وەڵامدەری پێویستییەکانی بەکارهێنەرانیانن؟ ئایا تا چ ڕادەیەک بنەماکانی

فەرهەنگنوسییان لەبەرچاوگرتوە؟ بۆ شیکردنەوەی پێویستیی بەکارهێنەران وثوقی ١٢٥ کەس لە ژن و پیاو، کە بە شێوەیەکی گشتی کارەکانیان پەیوەندداربون بە فێرکردن و وەرگێڕان و زمانی فارسی بە جۆرێک لە ژیانی ڕۆژانە و کاریاندا وەکو ئامرازێک یان مەبەستێک بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی هەبو، لێکۆڵینەوەی ئەنجامدا.

ئەنجامی ئەو توێژینەوەیە ئەوەی پیشاندا، ڕیزبەندیی زۆرترین پێویستیی بەکارهێنەرانی فەرهەنگی فارسی بریتین لە دۆزینەوەی واتای وشە، دۆزینەوەی دروست گۆکردنی وشەکان، دۆزینەوەی وەسفی وشە. بەو ئەنجامە گەیشت، زۆربەی ئاخێوەرانی زمانی فارسی هێشتا لە جۆرەکانی زانیاریی فەرهەنگیدا زانیارییان نییە و پێویستییەکانی خۆیان بە دروستی نازانن (وثوقی، ٢٠٠٣: ١٣٥-١٣٦). لە کارەکەی وثوقیدا بۆچونی بەکارهێنەر بنەما و بۆچونی تیۆریی بنەما یەکی گرتۆتەوە، واتە نوسەر هەم باس لە پێویستییەکانی بەکارهێنەر دەکات و هەمیش دەیەوێت جەخت لەسەر بنەماکانی فەرهەنگنوسی بکات، هەرچەندە هەندێک لە پرسیارەکانی توێژینەوەکە بێ وەڵام ماونەتەوە.

**توێژینەوەی موهبەت (٢٠٠٧) :** توێژینەوەیە لەسەر دیاریکردنی پێشینەی فەرهەنگنوسی لەسەر بنەمای پێویستیی بەکارهێنەرانی فارسی زمان. تیایدا فەرهەنگ وەکو ئامرازێک بۆ چارەسەری کێشەکانی بەکارهێنەران و جەخت کردنەوە لە بەکارهێنەرە، هەروەها دابینکردنی پێویستییەکانیان وەکو هۆکارێکی سەرەکیی دیاریکردن لە دروست بونی جۆری فەرهەنگدا زانراوە. توێژەر لەم توێژینەوەیەدا، وێڕای هەوڵ بۆ ناسینی بەکارهێنەران، پێویستیی گەڕانەوەیان وەکو ڕێکارێکی گونجاو بۆ چاککردنەوەی دۆخی پشێوی فەرهەنگسازیی لە ئێران دەزانێ (موهبەت، ٢٠٠٧: ٦٢).

ئەو توێژینەوەیە بە دو جۆری کتێبخانەیی و مەیدانی، بە مەبەستی دیاریکردنی پێویستییەکانی بەکارهێنەران و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتە و ناوەڕۆکی گونجاو بۆ هەر یەکێک لە گروپەکان ئەنجامدراوە. لە جۆرە مەیدانییەکەدا ٩٠ بەکارهێنەر لە دو گروپی سەرەکی قوتابی زانکۆ و وەرگێڕ پرسیارنامەیان پڕکردۆتەوە، گروپی یەکەم لە نێوان قوتابییانی بەشەکانی وەرگێڕانی زمانی ئینگلیزی، ئەدەبیاتی ئینگلیزی، ئەندازیاری سۆفت وێر و پزیشکی هەڵبژێردران، هەروەها گروپی دوەم بریتی بون لە وەرگێڕی میدیایی و وەرگێڕی پسپۆڕی. لەم پرسیارنامەیەدا سەرەڕای زانیاری کەسیی بەکارهێنەران، مەبەستیی سەرەکی گەڕانەوەیان بۆ فەرهەنگ، ڕادەی گەڕانەوە، جۆری فەرهەنگ لە ڕوی زمانەوە، چۆنیەتی پێناسە و قەبارەکەی، بابەتی زانیاری پێویست، گەڕانەوە بۆ بەشە جیاوازەکانی فەرهەنگ، ئاگاداربون لە زانیارییەکانی ناو فەرهەنگ و تایبەتمەندییە گرنگەکان لە ڕوانگەی بەکارهێنەرانەوە لە کاتی کڕینی فەرهەنگدا بابەتی ناو پرسیارنامەکە بون.

ئەنجامەکانی ئەو توێژینەوەیە ئەوە نیشان دەدات، زۆربەی بەکارهێنەران سەبارەت بە چۆنیەتی و جۆری ئەو فەرهەنگەی بەکاری دەهێنن، زانیاریی پێویستییان نییە، هەروەها جیاوازی لە نێوان فەرهەنگی گشتی و فەرهەنگی پسپۆڕیی ناکەن و زۆربەی جار بۆ وەرگێڕان، دۆزینەوەی مانا و دواتر بۆ زانیاریی ڕێنوس و گۆکردن دەگەڕێنەوە سەر فەرهەنگ (زیاتر فەرهەنگی دوزمانی). زۆربەیان خولی بەکارهێنانی فەرهەنگیان نەبینیوە و بۆ زۆربەشیان تایبەتمەندیی گرنگ لە کاتی کڕینی فەرهەنگدا، گونجاوی نرخەکەیەتی.

## 3- میتۆد و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، پرسیارنامەیەک بەسەر 392 بەشداربو بە شێوەی هەرەمەکی دابەشکرا، تیایدا لەسەر زانیاریی کەسیی بەکارهێنەران (ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری) پرسیاریان لێکرا. پاشان بە مەبەستی زانینی پێویستییەکانی گەڕانەوەی بەکارهێنەران بۆ فەرهەنگە دوزمانییەکان و پێوانەکردنی کارایی فەرهەنگە دوزمانییەکان، پرسیار لەبارەی گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ، ئەو فەرهەنگانەی ئەو بەکارهێنەرانە بەکاریان دەهێنن، مەبەستیان لە گەڕانەوە بۆ فەرهەنگ، بابەتی زانیاری گەڕانەوەیان، پێشینەی بەکارهێنانی فەرهەنگ، ئاماژەکردن بە بەشە جیاوازەکانی فەرهەنگ، کەموکوڕییەکانی فەرهەنگەکان لە ڕوانگەی خۆیانەوە کراوە. پرسیارنامەکە بە سودوەرگرتن پرسیارنامەی توێژینەوەکانی پێشوتری بەکارهێنانی فەرهەنگ، وەکو: Hartman (1999)، بە بەکارهێنانی لیستی پشکنینی (2002) Lew و عاصی (1373) دیزاین کراوە، هەروەها بە چەند گۆڕانکارییەک لە پرسیارنامەکان خۆی جیا دەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە پرسیارنامەیەکی گشتی لە مانگی نیسانی 2022 لە نێوان 11 مامۆستای زانکۆ[٧]، لە پسپۆڕانی ئامار و شارەزایانی زمان تاقیکرایەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ کرا. داوایان لێکرا تێبینی خۆیان لەسەر ڕاپرسییەکە، شێوازی داڕشتنەکە و ڕادەی ڕازیبونیان لەسەر هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پرسیارەکان پیشان بدەن. پاشان سەرنج و تێبینییەکانیان لەکاتی ئەنجامدانی وەشانی کۆتایی ڕاپرسییەکەدا لەبەرچاو گیرا. (خشتەی ژمارە 1).

خشتەی (1) ڕاستگۆیی ڕواڵەتیی پرسیارنامەکە

| ژمارەی برگە | ژمارەی رازیبوو | ڕێژەی سەدی | بەهای کای دووجا | ئاستی بەلگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|
| 1, 2, 3, 4, 5, 12, 13, 18, 20, 21, 22, 25, 26, 27, 30, 36, 37, 38, 42, 43, 44, 45, 51 | 11 | 100% | 11 | بەلگەدارە |
| 6, 11, 14, 15, 17, 19, 28, 40, 41, 48, 50, 52 | 10 | 90.9% | 7.364ª | 0.007 بەلگەدارە |
| 7, 8, 9, 10, 16, 24, 29, 34, 35, 39, 46, 47, 49, 53 | 9 | 81.8% | 4. 455ª | 0.035 بەلگەدارە |
| 23, 31, 33 | 6 | 54.5% | 0.091ª | 0.763 بەلگەدارنییە |
| 32 | 7 | 63.6% | 0. 818ª | 0.366 بەلگەدارنییە |

بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیریی پرسیارنامەکە، ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ[vi] یەکێکە لەو ڕێگایانەی بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی یەکگرتویی هەر برگەیەک بە برگەکانی ترەوە، ئاستی بەهای ئەم ڕێگەیە هەمیشە دەکەوێتە نێوان (0 بۆ 1) (Taber, 2017: 127). بۆ دەستخستنی جێگیری پرسیارنامەکە سود لە ڕێگەی ڕەوایەتی ناوەڕۆک (internal validity) وەرگیراوە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ پەیرەو دەکرێت.

بە پشت بەستن بەو ڕێگەیەی سەرەوە، توانرا جێگیری بۆ بابەتەکانی پرسیارنامەکە بدۆزرێتەوە و ڕێژەی جێگیری پرسیارنامەکە هەروەک لە (خشتەی ژمارە 2) دا پیشاندراوە لە گشت برگەکاندا بریتییە لە (0.812)، کە ئەمەش بە بەهایەکی پەسەند دادەنرێت، چونکە ئەم بەهایە بەرزترە لە (0.70) و هەر بەهایەکی دەرهێندراویش بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ گەورەتر بێت لە (0.70) ئەوا بە بەهایەک دادەنرێت کە جێگیری ناوەڕۆکی هەیە (سەرچاوەی پێشو).

خشتەی (2) جێگیری بە ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ بابەتەکانی پرسیارنامەکە

| ژمارەی برگەکان | ئەلفا کرۆنباخ بەپێی برگە ستاندەرەکان | ئەلفا کرۆنباخ |
|---|---|---|
| 49 | 0.810 | 0.812 |

ئامرازەکانی کارکردن لە بەشی وەسفیدا؛ دوبارەبونەوە، ڕێژەی سەدی و وێنە، بە یاسای ئاماریی تاک ئاراستەیی ئەنۆڤا ، تاقیکاری تەواوکاری وەک تاقیکاری بەدواچونی (Post Hoc LSD) ، ئێتای دوجا، بۆ شیکردنەوە بەکارهێنراوە. ڕێژە و پلەی سەدی بەشداربوانی نێر و مێ لەم توێژینەوەیەدا بریتین لە 54.8% نێر دەکاتە 215 کەس و 45.2% مێ دەکاتە 177 کەس (خشتەی ژمارە 3).

خشتەی (3) ڕەگەزی بەشداربوان

| ڕەگەز | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 215 | %54.8 |
| مێ | 177 | %45.2 |

ئاستی خوێندەواری بەشداربوان لە خشتەی ژمارە (٤) خراوەتەڕو:

خشتەی (4) بڕوانامەی بەشداربوان

| ئاستی خوێندەواری | ژمارەی بەشداربوو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئامادەیی | 56 | ٪ 14.3 |
| دبلۆم | 40 | ٪ 10.2 |
| بەکالۆریۆس | 169 | ٪ 43.1 |
| ماستەر | 92 | ٪ 23.5 |
| دکتۆرا | 35 | ٪ 8.9 |
| کۆی گشتی | 392 | ٪ 100.0 |

## 4- زانینی بەکارهێنانی فۆرماتی فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردی لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی، ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری

بە مەبەستی زانینی ئاستی بەکارهێنانی فۆرماتی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز (خشتەی ژمارە 5 و 6)، هاوکێشەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتوە، چونکە لەڕێگەی ئەم یاسا ئامارییەوە دەتوانرێت جیاوازییە ئامارییەکان لە نێوان سێ گۆڕاو یان زیاتر دەستنیشان بکرێت، ئەمەش بە پشت بەستن بە ئاستی گوزارشتی (0.05) کە ئەگەر بەهای ($p < 0.05$) بچوکتر بێت لە (0.05) کەواتە بەڵگەداریی ئاماریی دەبێت ( Foster, 2009). لە ئەنجامدا لە خشتەی ژمارە (5 و 6)دا دەرکەوت کە، ڕەگەزی نێر 215 بەکارهێنەر بە تێکڕای ژمێرەیی(1.61) و لادانی پێوەری (0.701)، ڕەگەزی مێ 177 بەکارهێنەر بە تێکڕای ژمێرەیی (1.55) و لادانی پێوەری (0.745)، تۆمارکراوە.

زانینی بەکارهێنانی فۆرماتی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 5

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| نێر | 215 | 1.61 | 0.701 | 0.048 |
| مێ | 177 | 1.55 | 0.745 | 0.056 |
| کۆی گشتی | 392 | 1.58 | 0.721 | 0.036 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی بەکارهێنانی فۆرماتی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 6

| ANOVA | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 0.300 | 1 | 0.300 | 0.577 | 0.448<br>بەڵگەدار نییە |
| ناو گرووپەکان | 202.922 | 390 | 0.520 | | |
| کۆی گشتی | 203.222 | 391 | | | |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤای کۆی دوجاکانی نێوان گروپەکان، هەروەها کۆی دوجاکانی ناو گروپەکان و کۆی گشتی نێوان گروپەکان لە خشتەی ژمارە (٦)، لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0. 448) گەورەترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە، بەهاکەی بریتیبو لە (0.001)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە زانینی هەڵبژاردنی فۆرماتی فەرهەنگ لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری نییە. چونکە بەپێی ڕێژەی دیاریکردنی قەبارەی کاریگەری بۆ یاسای ئەنۆڤا، ئەگەر لە ئاستی (0.1) بێت نزمە، لە ئاستی (0.6) مامناوەندە و لە ئاستی (0.14) و سەروتر ئەوا کاریگەری بەرزی دەبێت ( Norouzian & Polonsky, 2018: 260).

بۆ زانینی ئاستی بەکارهێنانی فۆرماتی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری، هاوکێشەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتوە. لە ئەنجامدا لە (خشتەی ژمارە 7 و 8)دا دەرکەوت، ئاستی ئامادەیی 56 بەکارهێنەر بە تێکڕای ژمێرەیی(1.64) و لادانی پێوەری (0.749)، دبلۆم 40 بەکارهێنەر بە تێکڕای ژمێرەیی (1.53) و لادانی پێوەری (0.751)، بەکالۆریۆس 169 بەکارهێنەر بە تێکڕای ژمێرەیی (1.49) و لادانی پێوەری (0.682)، ماستەر 92 بەکارهێنەر بە تێکڕای ژمێرەیی (1.75) و لادانی پێوەری (0.736)، دکتۆرا 35 بەکارهێنەر بە تێکڕای ژمێرەیی (1.57) و لادانی پێوەری (0.739)، تۆمارکراوە.

زانینی ئاستی بەکارهێنانی فۆرماتی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ئاستی خویندەواری خشتەی ژمارە 7

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| ئامادەیی | 56 | 1.64 | 0.749 | 0.100 |
| دبلۆم | 40 | 1.53 | 0.751 | 0.119 |
| بەکالۆریۆس | 169 | 1.49 | 0.682 | 0.052 |
| ماستەر | 92 | 1.75 | 0.736 | 0.077 |
| دکتۆرا | 35 | 1.57 | 0.739 | 0.125 |
| کۆی گشتی | 392 | 1.58 | 0.721 | 0.036 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی ئاستی بەکارهێنانی فۆڕماتی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ئاستی خویندەواری خشتەی ژمارە 8

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکرای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 4.332 | 4 | 1.083 | 2.107 | 0.079 بەڵگەدارنییە |
| ناو گرووپەکان | 198.890 | 387 | 0.514 | | |
| کۆی گشتی | 203.222 | 391 | | | |

لە خشتەی ژمارە (٨)دا دەردەکەوێت بەهای (P=0.079) گەورەترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە، بەهاکەی بریتیبو لە (0.021)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە زانینی هەڵبژاردنی فۆڕماتی فەرهەنگ لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەری نییە.

**دەرئەنجام:** دوای پیشاندانی ئاستی بەکارهێنانی فۆڕماتی فەرهەنگ و شیکردنەوەی ئەنۆڤا و زانینی قەبارەی کاریگەریی، ئەوە دەرکەوت گۆڕاوی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری کاریگەریی نییە لەسەر هەڵبژاردنی جۆرە جیاوازەکانی فۆڕماتی فەرهەنگی ئۆنلاین، ئۆفلاین و چاپکراودا.

**شرۆڤەکردن:** دوای دەرخستنی شیکاری جیاوازی نێوان گۆڕاوی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری، بۆ دیاریکردنی زانینی بەکارهێنانی فۆڕماتی فەرهەنگ لای نمونەی توێژینەوە، ئەوە دەرکەوت هیچ یەکێک لەم گۆڕاوانە کاریگەرییان لەسەر هەڵبژاردنی فۆڕماتی فەرهەنگی دوزمانیی ئینگلیزی- کوردی ئۆنلاین، ئۆفلاین و چاپکراودا نییە، ڕەنگە هۆکاری ئەمە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە زۆربەی بەکارهێنەران لە ئێستادا بەهۆی بەردەستبونی ئینتەرنێت و ئەپڵیکەیشنی تایبەت بە فەرهەنگ، هاوشان لەگەڵ بەردەستبونی فەرهەنگی چاپکراودا بە مەبەستی دیاریکراو دەگەڕێنەوە سەر جۆرە جیاوازەکانی فۆڕماتی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی).

## 5- چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری

بۆ زانینی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هاوکێشەی جیاوازیی ئەنۆڤا بەکارهاتوە، هەروەک خشتەی ژمارە (9 و 10)، خراوەتەڕو:

چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 9

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| نێر | 215 | 9.9907 | 2.77841 | 0.18949 |
| مێ | 177 | 10.9379 | 2.24408 | 0.16868 |
| کۆی گشتی | 392 | 10.4184 | 2.59124 | 0.13088 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 10

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 87.090 | 1 | 87.090 | 13.381 | 0.000 بەڵگەدارە |
| ناو گرووپەکان | 2538.298 | 390 | 6.508 | | |
| کۆی گشتی | 2625.388 | 391 | | | |

لە خشتەی ژمارە (١٠)دا، ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0.000) بچوکترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئامارییی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.033)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە زانینی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری نییە.

بۆ زانینی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (خشتەی ژمارە 11 و 12)، هاوکێشەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتوە لە ئەنجامدا دەرکەوتوە ئەو بەشداربوانەی ئاستی خوێندەوارییان ئامادەییە 56 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی (10.5536) بە لادانی پێوەری (2.38876)، دبلۆم 40 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی (10.1000) بە لادانی پێوەری (2.79927)، بەکالۆریۆس 169 کەسن تێکڕای ژمێرەییەکەی (10.5976)، بە لادانی پێوەری (2.77600)، ماستەر پێکهاتون لە 92 کەس، تێکڕای ژمێرەییەکەی (10.1196) بە لادانی پێوەری (2.55421)، بەشداربوانی دکتۆرا لە 35 کەس پێکهاتون، تێکڕای ژمێرەییەکەی (10.4857) بە لادانی پێوەری (1.70417)، تۆمارکراوە.

زانینی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 11

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| | | | | |
| ئامادەیی | 56 | 10.5536 | 2.38876 | 0.31921 |
| دبلۆم | 40 | 10.1000 | 2.79927 | 0.44260 |
| بەکالۆریۆس | 169 | 10.5976 | 2.77600 | 0.21354 |
| ماستەر | 92 | 10.1196 | 2.55421 | 0.26630 |
| دکتۆرا | 35 | 10.4857 | 1.70417 | 0.28806 |
| کۆی گشتی | 392 | 10.4184 | 2.59124 | 0.13088 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 12

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 18.882 | 4 | 4.720 | 0.701 | 0.592 بەڵگەدارنییە |
| ناو گرووپەکان | 2606.506 | 387 | 6.735 | | |
| کۆی گشتی | 2625.388 | 391 | | | |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤا لە خشتەی ژمارە (١٢)دا، ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0.0592) گەورەترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.007)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە زانینی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەری نییە.

**دەرئەنجام:** دوای پیشاندانی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ و شیکردنەوەی ئەنۆڤا و زانینی قەبارەی کاریگەریی، ئەوە دەرکەوت گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەریی هەیە، بەڵام گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەریی نییە لەسەر چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ. ئەمەش ئەوە دەردەکەوێت کە ڕەگەز و گشت ئاستەکانی خوێندن بەگوێرەی ناوبانگی فەرهەنگەکە، پرسیارکردن لە هاوڕێ و بەپێی ئامۆژگاری کەسی شارەزا فەرهەنگ دەستنیشاندەکەن. هەروەها لە لەنێو بەڵگەداریی ڕەگەزیشدا، ڕەگەزی مێ تێکڕای ژمێرەیی بەرزترە، واتە زیاتر بەگوێرەی ناوبانگی فەرهەنگەکە، پرسیارکردن لە هاوڕێ و بەپێی ئامۆژگاری کەسی شارەزا فەرهەنگ دەستنیشاندەکەن.

**شرۆڤەكردن:** هۆكاری ئەوەی ڕەگەز كاریگەریی هەیە لەسەر چۆنیەتی دەستنیشانكردنی فەرهەنگ ئەوەیە كە زۆربەی بەكارهێنەران تەمەنیان لە نێوان 18- 35 ساڵیدایە و بەشێكی زۆریشیان پیشەیان قوتابی و مامۆستان، پێویستیی گەڕانەوەیان بۆ فەرهەنگ زیاترە بەبەراورد بە تەمەن و پیشەكانی تر. هەربۆیە ئەمانە زیاتر پرسیار دەكەن لەكاتی هەڵبژاردنی فەرهەنگەكانیاندا نەك لەخۆوە و بە هەڕەمەكی فەرهەنگەكان دەستنیشان بكەن.

## 6- پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بۆ چالاكی جیاواز بەپێی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری

بۆ زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بۆ چالاكی جیاواز بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هاوكێشەی جیاوازیی ئەنۆڤا بەكارهاتوە، هەروەك خشتەی ژمارە (13 و 14)، دەركەوتوە كە قەبارەی ڕەگەزی نێر (215) كەسن و تێكڕای ژمێرەییەكەی (18.6465)، لادانی پێوەری (4.21454) و قەبارەی ڕەگەزی مێ (177) كەسن بە تێكڕای ژمێرەیی (19.8814)، لادانی پێوەری (4.42649) تۆماركراوە.

زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بۆ چالاكی جیاواز بەپێی ڕەگەز خشتەی ژمارە 13

| وەسفكردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | قەبارەی نمونە | تێكڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| نێر | 215 | 18.6465 | 4.21454 | 0.28743 |
| مێ | 177 | 19.8814 | 4.42649 | 0.33272 |
| كۆی گشتی | 392 | 19.2041 | 4.34970 | 0.21969 |

شیكردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بۆ چالاكی جیاواز بەپێی ڕەگەز خشتەی ژمارە 14

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | كۆی دووجاكان | نمرەی ئازاد | تێكڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەكان | 148.030 | 1 | 148.030 | 7.963 | 0.005 بەڵگەدارە |
| ناو گرووپەكان | 7249.643 | 390 | 18.589 | | |
| كۆی گشتی | 7397.673 | 391 | | | |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤا لە خشتەی ژمارە (١٤)دا، لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0.005) بچوکترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.020)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاواز لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری نییە.

بۆ زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاواز بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (خشتەی ژمارە 15 و 16)، هاوکێشەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتوە لە ئەنجامدا دەرکەوتوە کە ئەو بەشداربوانەی ئاستی خوێیندەوارییان ئامادەییە 56 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی (21.2143) بە لادانی پێوەری (4.33050)، دبلۆم 40 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی (17.8250) بە لادانی پێوەری (3.55822)، بەکالۆریۆس 169 کەسن تێکڕای ژمێرەییەکەی (19.6805)، بە لادانی پێوەری (4.36759)، ماستەر پێکهاتون لە 92 کەس، کە تێکڕای ژمێرەییەکەی (17.8587) بە لادانی پێوەری (4.28537)، سەبارەت بە بەشداربوانی دکتۆرا لە 35 کەس پێکهاتون، تێکڕای ژمێرەییەکەی (18.8000) بە لادانی پێوەری (3.77141)، تۆمارکراوە.

زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاواز بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 15

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| ئامادەیی | 56 | 21.2143 | 4.33050 | 0.57869 |
| دبلۆم | 40 | 17.8250 | 3.55822 | 0.56260 |
| بەکالۆریۆس | 169 | 19.6805 | 4.36759 | 0.33597 |
| ماستەر | 92 | 17.8587 | 4.28537 | 0.44678 |
| دکتۆرا | 35 | 18.8000 | 3.77141 | 0.63748 |
| کۆی گشتی | 392 | 19.2041 | 4.34970 | 0.21969 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاواز بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی 16

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی گوزارشت | بەهای F | تێکرای دووجا | نمرەی ئازاد | کۆی دووجاکان | |
| 0.000 بەڵگەدارە | 7.209 | 128.240 | 4 | 512.961 | نێوان گرووپەکان |
| | | 17.790 | 387 | 6884.712 | ناو گرووپەکان |
| | | | 391 | 7397.673 | کۆی گشتی |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤا لە خشتەی ژمارە (١٦) دا، ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0.000) بچوکترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.069)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاواز لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەری نییە.

بۆ زانینی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاواز بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری، هەوڵدراوە سود لە ڕێگەی پۆست هۆک؛ ئێڵ ئیس دی وەربگیرێت، چونکە بەم ڕێگەیە دەتوانرێت جیاوازیی ئاماریی بە گوێرەی پەیوەندی ئەو گۆڕاوانە بدۆزرێتەوە کە بەڵگەداری ئامارییان هەیە (Armstrong & Hilton, 2006: 35). هەروەک خشتەی ژمارە (17) پیشاندەدات:

خشتەی ژمارە (17) شیکردنەوەی جیاوازی لە نێوان ئاستی خوێندەواری

| ئاستی گوزارشت | | هەڵەی پێوەری | جیاوازی ناوەند | ئاستی خوێندەواری | |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵگەدارە | 0.000 | 0.87317 | 3.38929* | دبلۆم | ئامادەیی |
| بەڵگەدارە | 0.019 | 0.65034 | 1.53381* | بەکالۆریۆس | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 0.71488 | 3.35559* | ماستەر | |
| بەڵگەدارە | 0.008 | 0.90882 | 2.41429* | دکتۆرا | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 0.87317 | -3.38929* | ئامادەیی | دبلۆم |
| بەڵگەدارە | 0.013 | 0.74163 | -1.85547* | بەکالۆریۆس | |
| بەڵگەدارە | 0.019 | 0.65034 | -1.53381* | ئامادەیی | بەکالۆریۆس |
| بەڵگەدارە | 0.013 | 0.74163 | 1.85547* | دبلۆم | |
| بەڵگەدارە | 0.001 | 0.54648 | 1.82178* | ماستەر | |
| بەڵگەدارە | 0.000 | 0.71488 | -3.35559* | ئامادەیی | ماستەر |
| بەڵگەدارە | 0.001 | 0.54648 | -1.82178* | بەکالۆریۆس | |
| بەڵگەدارە | 0.008 | 0.90882 | -2.41429* | ئامادەیی | دکتۆرا |

بەرەچاوکردنی خشتەی ژمارە (١٧) ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاواز بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری، دەردەکەوێت ، ئاستی ئامادەیی لەگەڵ هەر چوار ئاستدا

بەڵگەداری ئاماری هەیە، چونکە بەهای (P) دەکاتە (0.000)، (0.019)، (0.000) و (0.008) ئەمەش بەپێی ئاستی بەڵگەداری توێژینەوەکە بریتییە لە (0.05).

دوای پیشاندانی ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی ئینگلیزی- کوردی بۆ چالاکی جیاواز و شیکردنەوەی ئەنۆڤا و زانینی قەبارەی کاریگەریی، ئەوە دەرکەوت هەردو بگۆڕی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری بۆ چالاکی جیاوازی وەک نوسینی کاری ئەکادیمی، نوسینی ئیمەیل و نامە و سی ڤی، خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە، گوێگرتن لە وانەی زانکۆ، تێگەیشتن لە سیمیناری تۆمارکراو و بۆ ئەنجامدانی پەیوەندیی لەگەڵ مامۆستادا فەرهەنگ بەکاردەهێنن. لەنێو ئەو بەڵگەدارانەشدا، ڕەگەزی مێ زیاتر بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە پشت بەو جۆرە فەرهەنگانە دەبەستن و ئاستی ئامادەیش زیاتر بۆ ئەو چالاکیانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکرا فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەکاردەهێنن، چونکە بەرزترین تێکڕای ژمێرەییان تۆمارکردوە.

**شرۆڤەکردن:** هۆکاری ئەوەی هەردو گۆڕاوەکە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕادەی پشت بەستن بە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بۆ چالاکی جیاوازی وەک نوسینی کاری ئەکادیمی، نوسینی ئیمەیل و نامە و سی ڤی، خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە، گوێگرتن لە وانەی زانکۆ، تێگەیشتن لە سیمیناری تۆمارکراو و بۆ ئەنجامدانی پەیوەندیی لەگەڵ مامۆستادا، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە زۆربەی بەکارهێنەران قوتابین (ئامادەیی، ماستەر، دکتۆرا) و زیاتر بە مەبەستی تێگەیشتن (خوێندنەوەی کتێب و ڕۆژنامە، گوێگرتن لە وانەی زانکۆ، تێگەیشتن لە سیمیناری تۆمارکراو) دەچنەوە سەر فەرهەنگ، چونکە تێکڕای ژمێرەیی بەرزیان تۆمارکردوە (3.4707)، بەڵام ئەو بەکارهێنەرانەی ئاستی خوێندنیان ماستەر و دکتۆرایە زیاتر بە مەبەستی بەرهەمهێنان (نوسینی کاری ئەکادیمی، نوسینی ئیمەیل و نامە و سی ڤی ) فەرهەنگ بەکاردەهێنن، چونکە تێکڕای ژمێرەیی نزمتریان تۆمارکردوە (3.3355). هەروەک لە خشتەی ژمارە (18)دا دەردەکەوێت:

خشتەی ژمارە 18 تێکڕای چالاکی تێگەیشتن و بەرهەمهێنان لای بەکارهێنەران لە فەرهەنگی ئینگلیزی- کوردییەکاندا

| گوزارشت | | |
|---|---|---|
| تێگەیشتن | بەرهەمهێنان | |
| 3.4707 | 3.3355 | تێکڕای ژمێرەیی |
| 392 | 392 | قەبارەی نمونە |
| 0.82622 | 0.85546 | لادانی پێوەری |

## 7- گەڕان بۆ جۆرەكانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری

بۆ زانینی گەڕان بۆ جۆرەكانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هاوكێشەی جیاوازیی ئەنۆڤا بەكارهاتوە، هەروەک خشتەی ژمارە (19 و 20)، دەركەوتوە قەبارەی ڕەگەزی نێر (215) كەسن بە تێكڕای ژمێرەیی (14.6279)، لادانی پێوەری (2.93244) و قەبارەی ڕەگەزی مێ (177) كەسن بە تێكڕای ژمێرەیی (15.3672)، لادانی پێوەری (2.78095) و تۆماركراوە.

زانینی گەڕان بۆ جۆرەكانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 19

| وەسفكردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | قەبارەی نمونە | تێكڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| نێر | 215 | 14.6279 | 2.93244 | 0.19999 |
| مێ | 177 | 15.3672 | 2.78095 | 0.20903 |
| كۆی گشتی | 392 | 14.9617 | 2.88502 | 0.14572 |

شیكردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی گەڕان بۆ جۆرەكانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 20

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | كۆی دووجاكان | نمرەی ئازاد | تێكڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەكان | 53.064 | 1 | 53.064 | 6.464 | .011 بەڵگەدارە |
| ناو گرووپەكان | 3201.363 | 390 | 8.209 | | |
| كۆی گشتی | 3254.426 | 391 | | | |

دوای جێبەجێكردنی جیاوازی ئەنۆڤا لە خشتەی ژمارە (٢٠)دا، ئەوە دەردەكەوێت بەهای (P=0.011) بچوكترە لە (0.05) كەواتە بەڵگەداری ئاماریی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی كاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەكارهێنراوە بەهاكەی بریتیبو لە (0.016)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە زانینی گەڕان بۆ جۆرەكانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز كاریگەری نییە.

بۆ زانینی گەڕان بۆ جۆرەكانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-كوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (خشتەی ژمارە 21 و 22)، هاوكێشەی جیاوازی ئەنۆڤا بەكارهاتوە لە ئەنجامدا دەركەوتوە

ئەو بەشداربوانەی ئاستی خوێندەوارییان ئامادەییە 56 کەسی لەخۆگرتوە و تێکرای ژمێرەییەکەی (15.3750) بە لادانی پێوەری (2.59764)، دبلۆم 40 کەسی لەخۆگرتوە و تێکرای ژمێرەییەکەی (14.8750) بە لادانی پێوەری (3.09000)، بەکالۆریۆس کە 169 کەسن تێکرای ژمێرەییەکەی (14.9882)، بە لادانی پێوەری (3.08025)، ماستەر پێکهاتون لە 92 کەس، تێکرای ژمێرەییەکەی (14.7935) بە لادانی پێوەری (2.70343)، هەروەها سەبارەت بە بەشداربوانی دکتۆرا لە 35 کەس پێکهاتون، تێکرای ژمێرەییەکەی (14.7143) بە لادانی پێوەری (2.64098)، تۆمارکراوە.

گەڕان بۆ جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 21

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | قەبارەی نمونە | تێکرای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| ئامادەیی | 56 | 15.3750 | 2.59764 | 0.34712 |
| دبلۆم | 40 | 14.8750 | 3.09000 | 0.48857 |
| بەکالۆریۆس | 169 | 14.9882 | 3.08025 | 0.23694 |
| ماستەر | 92 | 14.7935 | 2.70343 | 0.28185 |
| دکتۆرا | 35 | 14.7143 | 2.64098 | 0.44641 |
| کۆی گشتی | 392 | 14.9617 | 2.88502 | 0.14572 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ گەڕان بۆ جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 22

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکرای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 14.731 | 4 | 3.683 | 0.440 | 0.780 بەڵگەدارنییە |
| ناو گرووپەکان | 3239.695 | 387 | 8.371 | | |
| کۆی گشتی | 3254.426 | 391 | | | |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤا لە خشتەی ژمارە (٢٢)دا، ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0.780) گەورەترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.004)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە گەڕان بۆ جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەری نییە.

**دەرئەنجام:** دوای دەرخستنی گەڕان بۆ جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بەڵگەدارە و بەپێی ئاستی خوێندەواری بەڵگەدار نییە، ئەوە دەردەکەوێت کە هەردو ڕەگەز بەدوای زانینی واتای وشە، گۆکردنی دروستی وشە، دروستنوسی و زانیاریی ڕێزمانی دەگەڕێنەوە بۆ سەر فەرهەنگ. لەنێو ئەو بەڵگەدارانەشدا ڕەگەزی مێ زیاتر بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکرا دەگەڕێنەوە سەر فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی)، چونکە بە تێکڕای ژمێرەیی بەرزتری تۆمارکردوە.

**شرۆڤەکردن:** هۆکاری ئەوەی تەنیا گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەریی هەیە لەسەر گەڕان بۆ جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی)، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە زۆربەی گەڕانەکانیان بۆ ئەو زانیارییانەیە کە پێویستییانە لە زانینی واتا بە پلەی یەکەم، گۆکردن بە پلەی دوەم، ڕێنوس بە پلەی سێیەم و زانیاریی ڕێزمانی بە پلەی چوارەم (خشتەی ژمارە 23).

ئاستی گەڕانەکان یەک لەدوای یەک بە پێی پێویستی بەکارهێنەران خشتەی ژمارە 23

| گەڕانەکان | قەبارەی نمونە | نزمترین | بەرزترین | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|
| واتا | 392 | 2 | 5 | 4.16 | 0.777 |
| گۆکردن | 392 | 1 | 5 | 3.80 | 0.935 |
| ڕێنووس | 392 | 1 | 5 | 3.64 | 0.939 |
| زانیاریی ڕێزمانی | 392 | 1 | 5 | 3.36 | 1.062 |

## 8- دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندەواری

بۆ زانینی دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هاوکێشەی جیاوازیی ئەنۆڤا بەکارهاتوە، هەروەک خشتەی ژمارە (24 و 25)، دەرکەوتوە قەبارەی ڕەگەزی نێر (215) کەسن و تێکڕای ژمێرەییەکەی (14.9907)، لادانی پێوەری (2.77841) و قەبارەی ڕەگەزی مێ (177) کەسن بە تێکڕای ژمێرەیی (15.8644)، لادانی پێوەری (2.57473) تۆمارکراوە.

زانینی گەڕان بۆ دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 24

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| نێر | 215 | 14.9907 | 2.77841 | 0.18949 |
| مێ | 177 | 15.8644 | 2.57473 | 0.19353 |
| کۆی گشتی | 392 | 15.3852 | 2.72003 | 0.13738 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 25

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 74.107 | 1 | 74.107 | 10.253 | 0.001 بەڵگەدارە |
| ناو گرووپەکان | 2818.727 | 390 | 7.228 | | |
| کۆی گشتی | 2892.834 | 391 | | | |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤا لە خشتەی ژمارە (٢٥)دا، ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0.001) بچوکترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.025)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری نییە.

بۆ زانینی دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (خشتەی ژمارە 26 و 27)، هاوکێشەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتوە لە ئەنجامدا دەرکەوتوە ئەو بەشداربوانەی ئاستی خوێندەوارییان ئامادەییە 56 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی (15.6429) بە لادانی پێوەری (2.86311)، دبلۆم 40 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی (14.7500) بە لادانی پێوەری (3.13581)، بەکالۆریۆس کە 169 کەسن تێکڕای ژمێرەییەکەی (15.3314)، بە لادانی پێوەری (2.68976)، ماستەر پێکهاتون لە 92 کەس، تێکڕای ژمێرەییەکەی (15.8043) بە لادانی پێوەری (2.51693)، بەشداربوانی دکتۆرا کە لە 35 کەس پێکهاتون، تێکڕای ژمێرەییەکەی (14.8571) بە لادانی پێوەری (2.54539)، تۆمارکراوە.

زانینی دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 26

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| ئامادەیی | 56 | 15.6429 | 2.86311 | 0.38260 |
| دبلۆم | 40 | 14.7500 | 3.13581 | 0.49582 |
| بەکالۆریۆس | 169 | 15.3314 | 2.68976 | 0.20690 |
| ماستەر | 92 | 15.8043 | 2.51693 | 0.26241 |
| دکتۆرا | 35 | 14.8571 | 2.54539 | 0.43025 |
| کۆی گشتی | 392 | 15.3852 | 2.72003 | 0.13738 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 27

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 46.269 | 4 | 11.567 | 1.573 | 0.181 بەڵگەدارنییە |
| ناو گرووپەکان | 2846.565 | 387 | 7.355 | | |
| کۆی گشتی | 2892.834 | 391 | | | |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤا، بەهای (P=0.181) گەورەترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.015)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەری نییە.

**دەرئەنجام:** دوای پیشاندانی دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) و شیکردنەوەی ئەنۆڤا و قەبارەی کاریگەری بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کاریگەری هەیە و بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری، کاریگەری نییە. هەردو ڕەگەز بۆ دەستکەوتنی زانیاری واتای وشە، چۆنیەتی گۆکردن، دروستنوسی وشە و زانیاری ڕێزمانی دەگەڕێنەوە سەر فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی)، لەنێو ئەو بەڵگەدارانەشدا ڕەگەزی مێ زیاتر بۆ ئەو مەبەستانەی سەرەوە کە ئاماژەی پێکرا دەگەڕێنەوە سەر فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی)، چونکە بە تێکڕای ژمێرەیی بەرزترە.

**شرۆڤەکردن:** هۆکاری ئەوەی تەنیا گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەرییان هەیە لەسەر گەڕان بۆ جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی)، ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە لەبەرئەوەی زۆربەی بەکارهێنەران لە هەردو ڕەگەز و بریتین لە قوتابی، بۆیە زۆربەی گەڕانەکانیان بۆ دەستکەوتنی ئەو جۆرە زانیارییانەیە کە پێویستییانە لە زانیاری واتای وشە، چۆنیەتی گۆکردن، ڕێنوس و بەشەکانی ئاخاوتن.

## 9- کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری

بۆ زانینی کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، هاوکێشەی جیاوازیی ئەنۆڤا بەکارهاتوە، هەروەک خشتەی ژمارە (28 و 29)، دەرکەوتوە قەبارەی ڕەگەزی نێر (215) کەسن و تێکڕای ژمێرەییەکەی (20.6140)، لادانی پێوەری (4.11457) و قەبارەی ڕەگەزی مێ (177) کەسن بە تێکڕای ژمێرەیی (20.1243)، لادانی پێوەری (4.24617) تۆمارکراوە.

زانینی کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 28

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| نێر | 215 | 20.6140 | 4.11457 | 0.28061 |
| مێ | 177 | 20.1243 | 4.24617 | 0.31916 |
| کۆی گشتی | 392 | 20.3929 | 4.17626 | 0.21093 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز خشتەی ژمارە 29

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 23.276 | 1 | 23.276 | 1.336 | 0.248 بەڵگەدارنییە |
| ناو گرووپەکان | 6796.224 | 390 | 17.426 | | |
| کۆی گشتی | 6819.500 | 391 | | | |

وەک لە خشتەی (٢٩) دەردەکەوێت، دوای جێبەجێکردنی ئەنۆڤا، بەهای (P=0.248) گەورەترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.003)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری نییە.

بۆ زانینی کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری (خشتەی ژمارە 30 و 31)، هاوکێشەی جیاوازی ئەنۆڤا بەکارهاتوە لە ئەنجامدا دەرکەوتوە ئەو بەشداربوانەی ئاستی خوێندەوارییان ئامادەییە 56 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی

(20.0000) بە لادانی پێوەری (3.79473)، دبلۆم 40 کەسی لەخۆگرتوە و تێکڕای ژمێرەییەکەی (19.8250) بە لادانی پێوەری (4.13793)، بەکالۆریۆس کە 169 کەسن تێکڕای ژمێرەییەکەی (20.6568)، بە لادانی پێوەری (4.47619)، ماستەر پێکهاتون لە 92 کەس، کە تێکڕای ژمێرەییەکەی (15.8043) بە لادانی پێوەری (2.51693)، بەشداربوانی دکتۆرا لە 35 کەس پێکهاتون، تێکڕای ژمێرەییەکەی (20.1196) بە لادانی پێوەری (4.02422)، تۆمارکراوە.

زانینی کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 30

| وەسفکردن | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی خوێندەواری | قەبارەی نمونە | تێکڕای ژمێرەیی | لادانی پێوەری | هەڵەی پێوەری |
| ئامادەیی | 56 | 20.0000 | 3.79473 | 0.50709 |
| دبلۆم | 40 | 19.8250 | 4.13793 | 0.65426 |
| بەکالۆریۆس | 169 | 20.6568 | 4.47619 | 0.34432 |
| ماستەر | 92 | 20.1196 | 4.02422 | 0.41955 |
| دکتۆرا | 35 | 21.1143 | 3.68440 | 0.62278 |
| کۆی گشتی | 392 | 20.3929 | 4.17626 | 0.21093 |

شیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ زانینی کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری خشتەی ژمارە 31

| ئەنۆڤا | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازاد | تێکڕای دووجا | بەهای F | ئاستی گوزارشت |
| نێوان گرووپەکان | 58.403 | 4 | 14.601 | 0.836 | 0.503 بەڵگەدارنییە |
| ناو گرووپەکان | 6761.097 | 387 | 17.471 | | |
| کۆی گشتی | 6819.500 | 391 | | | |

دوای جێبەجێکردنی جیاوازی ئەنۆڤا لە خشتەی ژمارە (٢٩)دا، لە ئەنجامدا ئەوە دەردەکەوێت بەهای (P=0.503) گەورەترە لە (0.05) کەواتە بەڵگەداری ئاماریی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ زانینی قەبارەی کاریگەریی، یاسای ئێتای دوجا بەکارهێنراوە بەهاکەی بریتیبو لە (0.008)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) لای نمونەی توێژینەوە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەری نییە.

دوای دەرخستنی دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) لەم توێژینەوەیەدا ئەوە دەردەکەوێت ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری کاریگەریان نییە لەسەر دیاریکردنی کێشەکان لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی)دا، بەکارهێنەران بەگشتی کێشەی نەدۆزینەوەی وشە، گۆکردنی هەڵە، دەستنەکەوتنی واتا، نزیکی پلەی واتای وشەکان لەیەکتر، نەبونی وشەی نوێ، نەبونی وشەی پسپۆڕی و تێدانەبونی وێنەی تایبەت بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری واتایان لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە فەرهەنگانەدا هەیە.

دەرئەنجامەکان بە گشتی لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (Tomaszczyk (1979، Jackson (1988، (Battenburg (1989 ، موهیبەت (1386) و عاصی (1373)، یەکدەگرێتەوە. جیاوازی نێوان ئەم لێکۆڵینەوەیە لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی باسکراون ئەوەیە، ئەو کۆمەڵگایەی ئەم توێژینەوەی لەسەر کراوە، هەمەچەشنی زیاتری هەیە بە بەراورد بە کاری ئەو کەسانە، کە بابەتەکانیان زۆرتر خوێندکار و مامۆستا و وەرگێڕ بوە. لە توێژینەوەکانی پێشودا "سەختی دۆزینەوەی وشە" و "دەست نەگەیشتن بە زانیاریی تەواو لەسەر وشە" یەکێک بون لە کیشەی فەرهەنگەکان، بەڵام لە ئێستادا بەکارهێنەرانی کورد زمان کێشەیان "بەردەست نەبونی واتای نوێی وشە" یەکێکە لەکێشە سەرەکییەکان.

**شرۆڤەکردن:** دوای خستنەڕوی ئەنجامەکان ئەوە دەردەکەوێت هیچ جیاوازییەکی ئاماریی بۆ دیاریکردنی کێشەکان لە بەکارهێنانی فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی)دا پیشان نادرێت، بەڵکو هەردو بگۆڕەکە ڕوبەڕوی هەمان کێشەی وەک: نەدۆزینەوەی وشە، گۆکردنی هەڵە، دەستنەکەوتنی واتا، نزیکی پلەی واتای وشەکان لەیەکتر، نەبونی وشەی نوێ، نەبونی وشەی پسپۆڕی و تێدانەبونی وێنەی تایبەت بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری واتای وشەکان دەبنەوە. ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆئەوە بگەڕێتەوە فەرهەنگەکان وەشانی یەکەمیان بێت، یاخود وەشانەکانی تر لەگەڵ وەشانی پێشو گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبێت.

## ئەنجامەکان

لە گروپە جیاوازەکانی بەکارهێنەراندا، ڕەگەز و ئاستی خوێندن هیچ جیاوازییەکی بەرچاویان لە بڕیی بەکارهێنانی فۆڕماتی فەرهەنگەکانی (ئۆنلاین، ئۆفلاین و چاپکراو) گشتی دو زمانی ئینگلیزی-کوردیدا، نییە. بەڵام بۆ چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فەرهەنگ بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەریی هەیە و بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری کاریگەریی نییە.

لە هەردو بگۆڕەکەدا، بەکارهێنەر زیاتر ئاماژە بە فەرهەنگ دەکەن بۆ چالاکییەکانی تێگەیشتن (خوێندنەوە)، هەرچی چالاکییەکانی بەرهەمهێنانە (وەرگێڕان و نوسین) لە ڕیزبەندی خواروتردان، هەروەها ئەوەش

دەردەکەوێت لەنێو قوتابیاندا فەرهەنگ زیاتر بە مەبەستی چالاکی تێگەیشتن بەکاردەهێنرێت، بەڵام مامۆستا زیاتر فەرهەنگ بۆ چالاکی نوسین بەکاردەهێنن.

گەڕان بۆ جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز بەڵگەدارە و بەپێی ئاستی خوێندەواری بەڵگەدار نییە، هەروەها ئەوە دەردەکەوێت کە هەردو ڕەگەز زۆرترین گەڕانیان بۆ واتای وشەیە و کەمترین گەڕانیان بۆ زانیاریی ڕێزمانییە.

بۆ دەستکەوتنی جۆرەکانی زانیاری لە فەرهەنگی دوزمانیی (ئینگلیزی-کوردی) بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز، کاریگەری هەیە و بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری، کاریگەری نییە.

ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری ڕوبەڕوی هەمان کێشەی نەدۆزینەوەی وشە، گۆکردنی هەڵە، دەستنەکەوتنی واتا، نزیکی پلەی واتای وشەکان لەیەکتر، نەبونی وشەی نوێ، نەبونی وشەی پسپۆڕی و تێدانەبونی نمونەی تایبەت بۆ ڕونکردنەوەی زیاتری واتای وشەکان لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە فەرهەنگانەدا دەبنەوە.

# General English-Kurdish Dictionaries in Terms of Meeting the User's Needs

**Sherzad Saeed Sedeeq[1] - Shina Abubakir Ahmed[2]**

[1]Kurdish Department, Faculty of Education, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Kurdish Department, Faculty of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

User perspective is an approach in which lexicography is studied from the users' perspectives. The study of dictionary users improve the quality of dictionaries. This paper aims at studying general English-Kurdish dictionaries, available in print, offline and online formats, in terms of meeting the needs of users and their level of satisfaction.

This study has adopted the survey methodology and an online questionnaire is adminsterd as a quantitative method of data collection. Different users of bilingual dictionaries were asked to participate in this survey, and to achieve this goal, a number of users filled in the forms. The data was analysed through SPSS 2022 program. The research population consists of speakers of Central Kurdish in the three provinces of Erbil, Sulemani and Halabja. They are classified according to the variables of gender and level of education.

The main objectives of this study are to identify the users' cross-reference needs, and other needs due to which users refer to dictionaries, as well as the relation between these needs and the variables of sex and education level. The main findings are as in the following: the users' choice of dictionary format is not different based on the variables of gender and level of education. The primary reason for users to employ dictionaries is for receptive purposes (reading and understanding), with productive purposes (speaking and writing) being a secondary consideration.

**Key Words:** User perspective, general bilingual dictionary, cross-reference needs

## سەرچاوەکان

شریفی، ساغر (1391). ***فرهنگهای عمومی یکزبانه ی معاصر فارسی:* یک پژوهش موردی**. پایان نامه دکترای رشته زبانشناسی همگانی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، پژوهشکده زبانشناسی، گروه زبانشناسی.

عاصی، مصطفی (1373). ***طراحی برای تهیه فرهنگهای تخصصی با کمك کامپیوتر***. در مجموعه‌ی مقالات دومین کنفرانس زبان شناسی نظری و کاربردی، با کوشش علی میر عمادی، تهران، دانشگاه علامه طباطبایی.

موهبت، نگار (1386). ***بررسی و تعیین اولویت های فرهنگ نگاری بر اساس نیاز کاربران فارسی زبان***. پایان نامه کارشناسی ارشد، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

وثوقي، حسین (1382). ***واژه شناسی و فرهنگ نگاری در زبان فارسی***، تهران، باز.

Armstrong, R. & Hilton, A. (2006). ***Post Hoc Tests***. 34-36. 10.1002/9780470905173.ch7.

Barnhart C. (1962). ***Problems in Editing Commercial Monolingual Dictionaries*, in: F Householder and S Saporta (Eds).** Problems in Lexicography Publication twenty-one of the Indiana University Research Centre in Anthropology, Folklore and Linguistics. Bloomington: Indiana University 161-181

Battenburg J. (1989). ***A Study of English Monolingual Learners' Dictionaries and their Users***. PhD dissertation Purdue University

Baxter J. (1980). ***The dictionary and vocabulary behavior: a single word or a handful***. TESOL Quarterly 14(3) 325-336

Béjoint, H. (1981). ***The foreign student's use of monolingual English dictionaries: a study of language needs and reference skills.*** Applied Linguistics 2(3) 207-222

Béjoint, H. (2000). ***Modern Lexicography: An Introduction*.** London: Oxford University Press.

Bergenholtz, Henning and Sven Tarp. (2003). ***Two Opposing Theories: On H. E. Wiegand's recent discovery of lexicographic functions***. In Hermes, Journal of Linguistics. No. 31, p. 171-196.

Foster et al. (2009). An Introduction to Psychological Statistics. University of Missouri-St. Louis, Rice University, & University of Houston.

Greenbaum S, Meyer C and J Taylor. (1984). ***the image of the dictionary for American College students.*** Dictionaries: Journal of the dictionary society of North America Part 6 31-52.

Hartmann R. (1983). ***"On Theory and Practice: Theory and Practice in Dictionary-Making" in Lexicography: Principles and Practice.*** R. R. K.

Hartmann R. (1987). ***Four perspectives in dictionary use: a critical view of research methods, in: A P Cowie*** (Ed). The Dictionary and the Language Learner: Papers from the EURALEX Seminar at the University of Leeds. 1-3 April 1985 Lexicographica Series Maior 17. Tubingen: Niemeyer Verlag 11-28.

Hartmann, R.R.K. (1999). ***The Exeter University Survey of Dictionary Use*****.** In Hartmann, R.R.K. (ed.) Dictionaries in language learning: Recommendations, National Reports and Thematic Reports fom the TNP Sub- Project 9: Dictionaries. Berlin: Freie Umiversitat. 36-52. Available at http://www,fu-berlin.de/elc/TNPproducts/SP39DOSSIER.DOC. [Accessed 15 June 2009].

Jackson H. (1988). ***Words and Their Meaning***. London: Longman

Lew, R. (2002). ***Quistionnares in Dictionary Use Research: A Reexamination.*** In Braasch, A. & Poulsen, C. (Eds) Proceeding of the tenth EURALEX International Congress. Copenhagen: Center for Sprogteknologi. 267-271.

Norouzian, Reza & Polonsky, Luke. (2018*).* ***Eta- and partial eta- squared in L2 reaserch: A coautionary review and guide to more appropriate usage*****.** Second Language Reasearch. 026765831668490. 10.1177/0267658316684904.

Quirk R. (1975). ***The social impact of dictionaries in the UK.*** In: R McDavid and a Ducket (Eds). Lexicography in English. New York: Annals of the New York Academy of Sciences 211 76-88

Taber, KS. (2017). ***the use of Cronbach's alpha when developing research instruments in science education*****.** 10.17863/ CAM.8256.

Tarp, S. (2003). ***Beyond Lexicography: New Visions and Challenges in the Information Age in Lexicography at a Crossroads*****: Dictionaries and Encyclopedias Today, Lexicographical Tools Tomorrow.** H. Bergenholtz et al. (Eds) Bern, Berlin, Bruxelles, Frankfurt and Main, New York, Oxford and Wien: Peter Lang.

Tomaszczyk J. (1979). ***Dictionaries: users and uses*****.** Glottodidactica 12 103-119.

Wiegand, H.E. (1984). ***On the structure and contents of a general theory of Lexicography*****.** In R.R.K. Hartman (Ed.), LEX'eter 83 proceedings, Tubingen: Niemeyer, pp. 13-28.

Zgusta, L. (1971). *Manual of Lexicography*. The Hague: Mouton.

## پەراوێزەکان

(i) پاکێجێکی ئامارییە بۆ شیکردنەوەی داتای زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

(ii) فەرهەنگی چاپکراو: جاف، ئۆکسفۆد، ئازادی، یاد

فەرهەنگی ئۆفلاین: ڕێباز و کوردستان، دیکت بۆکس، یونیڤێرسال، کارزان، ڕێبین، هەردی، English to Kurdish Dictionary.

فەرهەنگی ئۆنلاین: گوگل ترانزلەیت، مایکرۆسۆفت ترانزلەیتەر، English Kurdish Translator.

(iii) شیکردنەوەی یاسای ئاماریی تاک ئاڕاستەیی

(iv) تێستی جیاوازی گروپەکان- کەمترین جیاوازی بەڵگەدار

(v)

| ژمارە | ناوی شارەزایان | پسپۆڕی | پلەی زانستی | ناوی زانکۆ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | قەیس کاکل توفیق | زمان | پرۆفیسۆر | سۆران |
| 2 | عباس فاضل بیاتی | زمان | پرۆفیسۆر | سەلاحەددین |
| 3 | کاروان عمر قادر | زمان | پرۆفیسۆر | سلێمانی |
| 4 | شاخەوان جلال حاجی فرج | زمان | پرۆفیسۆر | سلێمانی |
| 5 | وریا احمد امین | زمان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سەلاحەددین |
| 6 | شێروان حسین حمد | زمان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ڕاپەڕین |
| 7 | دلێر صادق کانبی | زمان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سۆران |
| 8 | کاروان کاکەبرا کاکەمەد | دەروونناسی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سۆران |
| 9 | پەروین مستەفا | زمان | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | سەلاحەددین |
| 10 | مهاباد عزالدین محمدامین | زمان | مامۆستا | سۆران |
| 11 | فاضل حمە سعید | زمان | مامۆستا | سۆران |

(vi) تێستی پێوانەی جێگیریی پرسیارنامەیە، یەکێکە لەو ڕێگایانەی بەکاردەهێنرێت بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی یەکگرتویی هەر بڕگەیەک بە بڕگەکانی ترەوە.